# ئەوروپایاندن و مەسیحییاندنی کوردستان

ئەمجەد شاکەلی

پێش ماوەیەک هەواڵێکی وا بلاو بووەوە، کە چەند لاوێکی دەوروبەری شارۆچکەی ڕانیە، ئایینیان گۆڕیوە و بوون بە مەسیحی. ڕۆژانی 14-2005/4/16 کۆنگرەی کلێسای مەسیحیی کوردزمان لە عەینکاوەی سەر بە هەولێر، بە بەشداریی 300-400 کەس ساز کرا. ئەمە دووەم کۆنگرەی ئەو کلێسایەیە و کۆنگرەی یەکەمی ساڵی پار(2004) و بە بەشداریی 130 کەس گیراوە. بەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە خەڵکانێکی نیشتەجێی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک، زاخۆ، قەڵادزێ، خانەقین و کەلار بوون. بەشی زۆرینەی ئەو بەشداربووانە کورد بوون و دانەدانەیەک خەڵکی ناکوردیشیان تێدا بوون. ئەو کۆنگرەیە لە لایەن ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا و ڕادیۆی دەنگی عیراقی ئازاد و کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردسات و چەند کەناڵێکی دیکەوە ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی لە بارەوە پەخش کرایەوە. یەکێک لە نەخشەدارێژەرانی ئەو کۆنگرەیە، قەشەیەکی ئەمەریکییە بە نێوی"دەیڤید گێبرسۆن"، ئەو بە زاری خۆی دەڵێ"من یەکێکم لە پلاندانەران و هەندێک پەیامی ڕۆحیم دەربارەی خواوەند لە ئینجیلی پیرۆزەوە هێناوە، لەگەڵ وەڵامی چەند پرسیارێک کە لە لایەن عیسای مەسیحەوە ڕوونکراونەتەوە"[1].

*****

بەهاری 1998، لە گوتارێکدا بە نێوی "شاز و شەبەح و چوولە"، نووسیومە:"ڕێکخراوی بیانی و بەناو "خێرخواز"، هێندە لە کوردستان زۆرن، کە لە زۆر شوێن و جێگەدا، تابلۆی ناوەکانیان دەبینرێن. هەر ڕێکخراوێک لەوانە دەیان خەڵکی ئەوروپایی کاری تێدا دەکەن. بێجگە لەو ئەوروپاییانە، لەو ڕێکخراوانەدا، خەڵکی کوردستانیش کار دەکەن، پتر وەک وەرگێڕ و کارگەر و یارمەتیدەر و شۆفێر. بیانیگەلێک کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن و دەگەنە وڵاتگەلێکی وەک کوردستان، باشترین ژیانێک دەژین. پارە بە دۆلار وەردەگرن و دۆلار لەو وڵاتانەی ئێمەدا ئاگر دەکاتەوە. کە ئەوان دۆلاریان لە بەرکدا بێت، هەموو شتێک بۆ ئەوان هەرزانە و بەو پارەیەش –نەک بە قسەی خۆش- مار لە کون و مەلا لە مزگەوت دێننە دەر. ئەوانە نەک هەر خۆشترین و بەتامترین خۆراک و خواردنەوە، بەڵکە ڕابواردن و مێبازی و هەموو لایەنێکی دیکەی ژیان بە پوولێکی کەم مسۆگەر دەکەن. شۆفێرە بیانییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بە هۆی دەسترۆیشتوویانەوە زۆرجاران بۆ خۆیان شۆفێری ناکەن و لێی پاڵ دەدەنەوە و شۆفێری کورد بە کرێ دەگرن بۆ ئەوەی خۆیان بحەوێنەوە. هەر ڕێکخراوێکی ئەوروپایی، ئەگەر بە ناوی خێرخوازی و کۆمەک و ئەو شتانەوە هاتبن بۆ کوردستان، لە بنەمادا و بێ سێودوو و لە پەناوپێچی کارە ڕەسمی و ئاشکراکانیاندا، وەک نەریت، مەبەستگەلێکی دیکەی شاراوەیان هەیە: خڕکردنەوەی زانیاری لە بارەی ورد و درشتی جڤاکی کوردەوە، باری سیاسی، ئابووری، ئایینی، فەرهەنگی، زمان، نەریت، سەربازیی، هۆز وخێڵ و...هەموو شتێکی دیکەشەوە، گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە دەسگا جاسووسی و نهێنییەکانی وڵاتانی خۆیان و بلاوکردنەوەی ئایینی عیسایی، بەشگەلێکی شاراوەن لە بواری کارەکانیان. ئەم جۆرە کارانە بەشێکن لەو کارانەی، کە ڕۆژهەڵاتناسان دەیانکرد و دەیکەن، کە ڕاشکاوانەتر کاری جاسووسی و

---

1. کڵێسای مەسیحی کوردزمان بەبەشداری 400 کەس دووەمین کۆنگرەی ساز کرد، میدیا، ژمارە 187، سێشەممە 2005/4/19.

ڕاپۆرتنووسین بووه، بۆ سوود و قازانجی وڵاتانی خۆیان. بارەگای سەرەکی تەواوی ڕێکخراوه بیانییەکان، کە لە کوردستانن، چ هەولێر و چ سلێمانییش، لە "عەینکاوە"ن، چونکە عەینکاوە، ناوچەیەکی مەسیحییە و ئەو ڕێکخراوانە پتر لەگەڵ ئەواندا دەگونجێن. ئەو ڕێکخراوانە هەوڵ دەدەن ئینجیل لە نێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و ئاکار و ڕەوشتی مەسیحییانە فێری خەڵک بکەن. لە ڕۆژانی9،10،11ی حوزەیرانی 1996، بە سەرپەرشتیی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، سەرۆک وەزیرانی حوکوومەتی هەریمی کوردستان[2] و لە ژێر دروشمی "یادی ڕابوردوو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی داهاتوو بنیات بنێین"، بڵاوکراوەی "دەنگی کتێبی پیرۆز" واتە: ئینجیل، کۆڕێکی فەرهەنگیی، لە هۆڵی میدیا لە هەولێر و بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری بانگهێشتکراو، ساز کرد، بۆ دەمەتەقەکردن لەمەڕ ئەمبابەتانەوە:

1. نیشانەکانی ڕێبەری سەرکەوتوو، دۆکتۆر ستیڤن مانسفیلد.
2. کورد لە تەورات و ئینجیلدا، مامۆستا دۆگلاس لایتین.
3. داد لە کتێبی پیرۆزدا، دۆکتۆر میک ئەنتینایتس.

لەو کۆڕەدا ویستوویانە بیسەلمێنن، کە کورد پێش ئەوەی ببێتە ئیسلام، مەسیحی بووە. مەبەستیان لە یادکردنەوەی ڕابوردوو، یادکردنەوەی مەسیحییەتی کوردە و بەوەش دەیانەوێت داهاتوویەکی مەسیحییانە بۆ کورد بنیات بنێن و کورد بمەسیحێنن[3]. سەیر ئەوەیە وەها چالاکییەک، سەرۆکی حوکوومەتی کورد بۆ خۆی سەرپەرشتیی دەکات و بێگومان دەستخۆشیی لە هەڵسووڕێنەرانیشی دەکات. دیاردەیەکی لەوە دزێوتر، کە خەریکە کوردستان دەتەنێتەوە و هەر پێوەندی بە مەسەلەی مەسیحییەتەوە هەیە، گرنگیدان و ئاهەنگگێڕانی سەری ساڵی مەسیحی و جەژنی لەدایکبوونی عیسایە. ئێمە هەموو دەزانین ئەمە چ پێوەندێکی بە وڵاتانی ئێمە و گەلانی ئێمەوە نییە. ئەگەر مەسیحیگەلی کوردستان و عەرەبستان و فارسستان و...ئەو جەژنە بگرن، ئەوا مافی خۆیانە، وەلێ سەرگەرمکردنی خەڵکی موسوڵمانی کورد بە هۆی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندن و ئەوانەوە بە باسی سەری ساڵ و شایی سازکردن و خۆشی دروستکردنی دەستکرد و هێنانی بابانۆئێل و...، کارێکی یەکجار نابەجێیە و گەلەکیش لە نەریت و سروشتی جڤاکی کوردەوە دوورە. لە ئەورووپا، کە ئەو کارانە دەکرێن، پتر مەسەلە بازاڕ و فرۆشتن و بازرگانی و کڕین و پارەیە. لە کوردستانێکی هەژاردا، چ پێویستە خەڵکەکەی ئێمەش "هێلکەی قاز بکات". بەرپرسانی بێبەرپرسیی وڵاتی خۆمان لێناگەڕێن کوردەکە بە دەردی خۆیەوە خەریک بێت و دەیانەوێ بە تۆبزی بیئەورۆپێنن"[4].

*****

بەشێکی زۆری مرۆڤ، کە دەزێن و دێنە دنیاوە، بە هۆی ئەوەی باوک و دایکیان یا تەنێ باوکیان یا تەنێ دایکیان، سەر بە ئایینێکن و بڕوایان بە ئایینێکە، ئیدی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو منداڵە نەوزادانەش دەبنە هەڵگری ئەو ئایینە. ئەمە لە قۆناخی منداڵیدا دەخوا و پیرۆ دەکرێت تا ئەو کاتەی دەگاتە تەمەنی ڕەسین و خۆناسین و دەرک بە دنیا کردن و بڕێک لە ژیان تێگەیشتن. ئەو کاتە ئیدی منداڵ قۆناخی منداڵی جێدەهێڵێت و بە ڕەسیو و گەورە دەژمێردرێت و دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات. کە ئازادی، بە تایبەتیش

---

[2] تا 31-8-1996 کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، سەرۆکی حوکوومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بوو لە هەولێر و دوای ئەوەش هەولێر کەوتەوە دەست پارتیی و یەکێتی لە هەولێر وەدەرنران.

[3] بنۆڕە: زنگابادی، جلال، اُهکرا نترکر الماقی لنبنی المستقبل، وطن الشمس، العدد 14، السبت22-6-1996 والعدد 15، السبت 6-7-1996.

[4] ئەو گوتارە لە هەردوو ماڵپەڕی (www.kurdistannet.org) و (www.dengekan.com) دا بڵاو کراوەتەوە.

ئازادی تاکەکی، بکاتە هەڵبژاردن، ئەودەمی مرۆڤ چۆن ئازادە لەوەی چ پارتیی و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی هەڵدەبژێرێت و چ جل و کەوش و پۆشاکێک لەبەر دەکات و چ خۆراکێک دەخوات و چ خواردنەوەیەک دەخواتەوە و لەگەڵ چ کورێک یا کچێکدا زەماوەند دەکات و بە پیادە یا بە سواری کەر یا ئۆتۆبووس دەچێتە سەر کار و...هێندەش ئازادە لەوەی چ ئایینێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، یا هیچ ئایینێک هەڵنابژێرێت. تۆ کە بڕوات بە ئازادی هەبێت و پێتوابێت هەموو تاکێک بۆی هەیە هەرشتێکی دەیەوێت و بڕوای پێیەتی بیکات، بە مەرجێک کاریگەرییەکی خراپی لە سەر ئەوانی دیکە و تاکەکانی دیکە نەبێت و ڕێگە لە ئازادیی ئەوان نەگرێت و سنووری ئازادیی ئەوان نەبەزێنێت، دەبێ بڕوایشت بەوە هەبێت، کە خەڵک ئازادە لە هەڵبژاردنی ئاییندا. پێموایە ئەوەی ئەوڕۆ لە باشووری کوردستاندا ڕوودەدات ناکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئازادییەوە، چونکە هەر لە بناخەدا پرۆسێسێکی نەخشەبۆداڕێژراو و ئامادەکراوە و تا ڕادەیەک ئامرازی بەکاربردنی باری ئابووری و فریودانی خەڵک بە بەڵێنی گەورە و لەخشتەبردنی خەڵکی تێدا جێبەجێ دەکرێت و پرۆسێسێکی مێشکشۆردنەوەی تێدایە[5]. لە باشووری کوردستان هەر لە ساڵی 1991ەوە، کە ئیدی دەسەڵاتی حوکوومەتی بەعس نەما و پارتییە کوردەکان بۆ خۆیان بوونە دەسەڵاتداری باشووری کوردستان، سەدان ڕێکخراوی ئەوروپایی بە نێوی جیاواز و بۆ کاری جیاواز لە باشووری کوردستان جێگیر بوون. ئەو ڕێکخراوانە بە نێوی جیاواز و بۆ کاری جیاوازی خێرخوازی و مرۆڤدۆستی و کۆمەک و هاریکاریی هاتنە نێو باشووری کوردستانەوە. زۆرێک لەو ڕێکخراوە ئەوروپاییانە، ئەگەر نەڵێم زۆرینەی، هەرچەندە بۆ خۆیان پێدا دانی نانێن، ڕەگوڕیشەیەکی مەسیحییانەیان هەیە و لە پەنا کارە فەرمییەکانی خۆیاندا، بەڵام لەژێر ناوی جیاواز و بە شێوە و ڕواڵەتی جیاوازەوە، کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی دەکەن. هەر بۆیە تەواوی ئەو ڕێکخراوانە بارەگا و بنکەی سەرەکییان لە عەنکاوەی هەولێر داناوە، چونکە عەنکاوە دەڤەرێکە خەڵکەکەی مەسیحیین و ئەوەش ژینگەیەکی باش و لەبارە بۆ ئەو ڕێکخراوانە. ئەو ڕێکخراوانە بە ڕاشکاوی و ئاشکرا داوا لە خەڵک ناکەن، ببنە مەسیحی و ئایین بگۆڕن، لێ زۆر بە ئەسپایی و بە خشکەیی دزە دەکەنە نێو ماڵ و خوێندنگە و کارگە و خێزان و مێشکی خەڵکەوە. لە نێو بەشێکی زۆری کارگێڕ و هەڵسووڕێنەرانی ئەو ڕێکخراوانەدا، کە ئەگەر بە نێوی پسپۆڕ و خەڵکانێکی لێزانیش هاتبن و مەبەستیشیان تەنێ ئەنجامدانی کارە سەرەکییەکانی خۆیان بێت، ئەوا هەندێکیان پاشخانێکی ئایینییان هەیە و لە بنەڕەتدا پێوەندێکیان بە کڵێسەیەکەوە یا بە ڕێبازێکی ئایینییەوە هەیە، یا لەگەڵ ئەواندا، کە وەک تیمێک دێن، چەند ئۆلکارێک هەر بە نێوی پسپۆڕ و لێزان و شارەزاوە دەخزێنرێنە نێویانەوە، کە کاری سەرەکی ئەوان پەخشکردنەوەی ئایینی مەسیحییە. ئەو ئۆلکار و شارەزایانە بە ناوی دلۆڤانی عیسا و بەزەیی عیسا و هاریکاریی زارۆک و کۆمەک بە پیر و نەخۆش و کەمئەندام و پەککەوتە و ژن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پاراستنی ژینگەوە، خۆ دەخزێننە نێو ژیانی خەڵکەوە. لەگەڵ هاتنیاندا بۆ هەر شوێنێک، کۆمەڵێک ئینجیل بە زمانی ئەو وڵاتە یا بە زمانێکی دیکە، کە خەڵکی ئەو وڵاتە لێی تێبگەن، دەبەنە نێو ئەو وڵاتەوە و بە سەر خەڵکیدا دەبەشنەوە. ئەگەر ئینجیلیان بە

---

[5] ساڵانی 1991و دواتر، کە باری ئابووری خەڵکی کوردستان زۆر خراپ بوو، کۆمەڵێک ڕێکخراو و حیزبی تورکمانی سەر بە تورکیا، کە دەرگای کارکردن و چالاکییان لە کوردستاندا بۆ لە سەر پشت بوو، بار و ڕەوشی ناهەمواری کوردەکەیان بەکار دەبرد و بە تورکمان لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیاندا نێونووسیان دەکردن، بەرانبەر بەوەی، کە هەندێک ئازووخە و خۆراک و ئەو جۆرە شتانەیان دەدانێ.

**زمانی ئەو وڵاتە نەبێت، ئەوا هەر دەسبەجێ دەکەونە هۆڵی ئەوەی دەستبکەنە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئەو وڵاتە. کۆڕ و کۆبوونەوە و جڤین ساز دەکەن و خەڵک بانگهێشت دەکەن بۆیان و لەوێدا دەمەتەقە و گفتوگۆ دەهێننە گۆڕێ و پرسیار دەوروژێنن و تۆوی گومان دەچێنن و زۆر هێمنانە و لەسەرخۆ وەڵامی پرسیار و پێویستییەکانی خەڵک دەدەنەوە و بەدەمیانەوە دەچن و باس لە لایەنە هەرەئاسان و بێئەرک و گەشەکانی ئایینی مەسیحی، وەک خۆشەویستی و لێخۆشبوون و چاوپۆشین و دڵفرەوانی و...بۆ خەڵکەکە دەکەن و تەواوی ئەوانەش بە پێشکەوتنی ئابووری و تەکنیکی و زانستی و هزر و ئاوەزی ئەوروپاییەوە گرێدەدەن، وەک بڵێی ئەوروپا لەبەر مەسیحیبوونی وەها پێشکەوتن و گەشەکردنێکی وەدەستهێنابێت و گەیشتبێتە ئەم ڕۆژەی ئێستای. تەواوی ئەو کارانە لە کوردستانیشدا ئەنجام دەدرێن. دیارە ئەو ڕێکخراوە ئەوروپاییانە تەنێ خۆیان نیین، کە ئەو کارانە دەکەن، ئەو کارانە بە بەرچاو و بە پێزانینی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێن. ئەو ڕێکخراوانە بۆ ئاسانکاری و پێشخستنی کارەکانیان و وەئەنجامگەیاندنیان و چوونەنێوخەڵکەوە و لەخەڵک تێگەیشتن و سەرکەوتنیان لە خۆنێزیکخستنەوەی خەڵک، دەیان کەسی خەڵکی ئەو وڵاتە و هاوزمانانی ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆیاندا هەر لە ئەوروپاوە وەک وەرگێڕ و یارمەتیدەر و...دەبەنەوە و کە لەو وڵاتەش جێگیر دەبن، سەدانی دیکە لەو جۆرە خەڵکە پەیدا دەکەن و بەوەش پتر و باشتر و خێراتر دەتوانن بچنە نێو خەڵکەوە. بێجگە لەوانە، کە دەچنە ئەو وڵاتانە، شیولێنەر، چایچی، شۆفێر، پاکژکار، پاسەوان و...دەیان جۆرە مرۆڤی دیکە پەیدا دەکەن و ئەوانەش دەبنە بەشێک لە ئامرازی کارەکانیان. ئەو ڕێکخراوانە لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندن و پارەیەکی زۆریان لەبەردەستدایە، بە ئارەزووی خۆیشیان پارە دەبەشنەوە و بەکار دەبەن، بۆ جێبەجێکردنی کار و مەبەستەکانیان. ئەو کارانەی، کە ئەو نێوەند و ڕێکخراوانە ئەنجامی دەدەن، بەشێکن لە کاری مژدەدەری و بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، لێ بە نێوی دیکە و لە ژێر پەردەی دیکەدا. تەواوی ئەو چالاکییانە لە کوردستانیشدا ڕوودەدەن. لە پەنای ئەو هەموو کارانەشدا، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەیڵێن و باسی لێوە نەکەن و نەیهێننە گۆڕێ، ئەوا جاروبار و لە پەنا و پێچدا، باسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردییش بۆ ئەلفبێی لاتینی دێننە گۆڕێ و دەیدەن بە گوێی خەڵکانی پێوەندار بەو کارانەوە[6]. هەندێک جار تەنانەت دزێواندنی زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی، کە بێجگە لەوەی زمانی ئایین و زمانی فەرهەنگیی کوردن، زمانانی هاوسێیەکانی کوردیشن، دەکەنە بابەتی باسەکانیان و لاوانی کورد هاندەدەن بۆ دوورکەوتنەوە لەو زمانانە و بەرپسانی کوردیش هاندەدەن بۆ دەستبەردابوون لەو زمانانە، بەتایبەت زمانی عەرەبی، لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و جێگۆڕکێیان بە زمانی ئینگلیزی[7]. بەشێکی دیکەی کار و چالاکییەکانیان ڕوو لە پرسی خێزان و پێکهاتەی خێزان و**

---

[6] تەنێ خەڵکانی ئەو ڕێکخراوە ئەوروپاییانە نیین، کە ئەو باسە دەهێننە گۆڕێ، کوردگەلێکی ئەوروپانشین(بە تایبەت هەندێک کوردی باکووری کوردستان)، کە فرەیان هەر پێوەندیان بە زمانەوە نییە و هیچی لێ تێناگەن، لە بنەوە پێوەندیان بەو ڕێکخراوانە و هەندێک دەسگای ئەوروپاییەوە هەیە و کاریان بۆ دەکەن و لێیان دەخۆن، ئەورۆ ئەوانیش ڕۆڵێکی خراپ لەو بوارەدا دەلێزن و وەک ئاوڕۆشنکەرە هەمیشە بە ڕێگەی کوردستانەوەن و پرۆژە دەبەنەوە و لە کوردستانیش دەلەوەڕێن و دنەی دەسەڵاتدارانی کوردستانیش دەدەن بۆ دزێواندنی ئەلفبێی کوردی (عەرەبی) و گۆڕینی بۆ ئەلفبێی (تورکی-لاتینی). ئەوان بەو کارەیان، پێ بازنن یا نە، گەورەترین زیان بە فەرهەنگ و یەکیەتیی نەتەوەی کورد دەگەیەنن.

[7] دیارە فێربوون و زانینی هەر زمانێک بۆ مرۆڤ دەوڵەمەندی و توانستێکی زۆرە و گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەوروپاییەکان بۆ خۆیان گرنگییەکی یەکجار زۆر بە فێربوونی زمان دەدەن. لە نێو ئەو زمانانەشدا، کە ئەوان گرنگییەکی پتریان دەدەنێ، عەرەبی و فارسی و تورکییە. بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و ڕۆژهەڵات، فیربوونی ئەو زمانانە گەلێک پێویستە و بە فێربوونیان دەرگای ڕۆژهەڵات وئیسلامت بۆ دەخرێتە سەرپشت. بۆ زۆرینەی کورد بێجگە لەوەش، ئەو زمانانە ئامرازێکی پێوەندن لە نێوان خۆی و

پێوەندداریەتیی نێو خێزان دەکات و لەو ڕێگەیەشەوە، بە بیانووی دواکەوتوویی و گۆڕانکاریی لەو بوارەدا، هەوڵی سستکردن و تێکدانی بنەما و بناخە سەرەکییەکانی ئەو پێوەندداریەتییەی وڵاتانی لەمەڕ ئێمە دەدەن. بێجگە لەوانەش بڵاوکردنەوەی هەندێک خووڕەوشتی نامۆ بە کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتە و لەگەڵیشیدا بەنگکێشان و مووزیکی ناڕەسەن و ناحەز، دێننە گۆڕێ و پەخش دەکەنەوە و کار دەکەنە سەر لاوان و هەوڵدەدەن، دید و جیهانبینییان بەرەو ئەو ئاراستەیەی بۆ خۆیان دەیانەوێت، بگۆڕن.

*****

لە ئەوروپا ئەو مژدەدەرانەی، کە ئایینی عیسایی بڵاو دەکەنەوە، گەلێک جاران لە دەرگای ماڵان دەدەن و کە ڕێگەیان پێدەدرێت بێنە ژوورێ، دادەنیشن و قسە لەگەڵ خەڵکی ماڵەکەدا دەکەن و بە هەموو شێوەیەک ڕێکلام بۆ ئایینی مەسیحی دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن، کە خەڵکەکە، بە باشیی و پاکژی و ڕاستیی ئایینی مەسیحی، دیارە بە لای خۆیانەوە، قایل بکەن. من بۆ خۆم چەندین جار دەرگام بۆ ئەو جۆرە ئۆلکارانە کردووەتەوە و قسەیان لەگەڵدا کردووم. جارێکی دووان هاتن و دەرگام بۆ کردنەوە و هەندێک قسەیان کرد و پاشان چەند کتێبێکیان بە زمانی سوێدی دەرهێنا و گوتیان ئەگەر ئەوانە بخوێنیتەوە باشتر لەم بابەتە تێدەگەیت. منیش هەرچەندی پێنج شەش ساڵێکیش بوو نیشتەجێی سوێد بووم، هەر بۆ تاقیکردنەوەیان گوتم، ئەگەر ئەو کتێبانەتان بە زمانەکەی خۆم هەبێت، بۆ من ئاسانتر و باشترە. لێیان پرسیم، کە زمانی من چییە! گوتم کوردییە. ئەوجا لە نێو ساکەکەی دەستیاندا گەڕان و چەند دانەیەکیان بە زمانی عەرەبی دەرهێنا و گوتیان ئەوەتا. گوتم نەخێر ئەوانە بە عەرەبین و من کوردیم دەوێت. گوتیان چاوەڕوانبە حەفتەیەکی تر بۆت پەیدا دەکەین. حەفتەیەکی پاشتر هاتنەوە و لە دەرگایان دا و کە کردمەوە دیتم هەر خۆیانن و زۆر کەیفخۆش و بە خەندەوە گوتیان وا بۆمان هێناوی. کە کتێبەکانیان دایە دەستم، دیتم بە فارسین. گوتم ئەوەش زمانی من نییە، ئەوە فارسییە و زمانی من کوردییە. گوتیان کەواتە نیمانە و دەبێ هەوڵدەین بەو زمانەی تۆیش چاپیان کەین. ئەوانە چەندی بڵێیت سوورن لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی خۆیان و تەواوی توانست و هێزی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن. فرەجاران هێندە چەقاوەسوو و قیرسچەمەن و وەک چەسپ لێت نابنەوە تا بە دووروودرێژی لەگەڵتدا دادەنیشن و بۆت دەئاخێون و گومانێکت لا دروست دەکەن، ئیدی ئەگەر بتەوێ لە کۆڵی خۆتیان بکەیتەوە، دەبێ بڵێی تۆ ئیسلامی یا بێئایینی یا ئایینێکی دیکەت هەیە پێی قایلیت یا ڕقت لەو باسانەیە و دژی هەموو ئایینێکیت، بەڵام ئەودەمیش هەر لەگەڵتدا دێن و هەر بۆت دەسەلمێنن، کە ئەوەی ئەوان پێیانە لەوەی تۆ جیاوازە و ئەوەی ئەوان باشتر و بەکەڵکتر و خواییترە و وا چاکە تۆ بڕوا بەوەی ئەوان بهێنیت.

*****

ڕۆژێکی یەکشەممە لە شاری ستۆکهۆڵم چووم بۆ سەردانی دۆستێکم. کە وەژوورکەوتم دیتم دوو میوانی لە کنە. یەکێکیان ژاپۆنی بوو و ئەوی دیکەیان لوبنانی و بە عەرەبی دەپەیڤی. هەردووکیان لەو ئۆلکارە

ئەو نەتەوانەدا، کە هەم دراوسێین و هەم فەرهەنگ و ئایینێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە. بە زانینی عەرەبی و فارسی و تورکی، کەسیەتیی کورد بەهێزتر دەبێت و خۆی و نەتەوەکانی هاوسێیشی باشتر دەناسێت و باشتر لێیان تێدەگات. فێربوون و زانینی زمانی ئینگلیزی، کارێکی باشە ئەگەر جێی زمانانی هاوسێیانی کورد نەگرێتەوە و نەبێتە هۆی قرتاندنی پەتیی پێوەندی نێوان کورد و هاوسێیەکانی، بەڵام گەرەکە ئەوەش بزانین، کە ئینگلیزی قەرەبووی زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی ناکاتەوە.

مەسیحییانە بوون، کە ئایینی مەسیحییان بڵاودەکردەوە. چەندین کتێب و بڵاوکراوەیان لە سەر مێزەکەی بەردەمیان دانابوو و زۆر بە گەرمی و جیدی باسی ئەو بابەتەیان دەکرد. لەگەڵ منیشدا کەوتنە قسە و دەیانەویست سەرنجم بۆ هەندێک دیتنی خۆیان ڕاکێشن. جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەو جۆرە مەسیحییەتەی ئەوان باسی دەکەن پاکژترین جۆری مەسیحییەتە و ڕاستترین شێوەیانە و، کە جیهان بە سایەی مەسیحییەتەوە بەرەو یەکبوون دەڕوات و لە نێوان وڵاتان و خەڵک و مرۆڤدا هیچ جۆرە ململانێ و جەنگ و ناکۆکییەک نییە و ئەو جۆرە ناکۆکی و جەنگانەش، کە هەن هەموویان دروستکراون و ...زۆری دیکەشیان دەگوت.

*****

دۆستێکم، کە مامۆستایە و نووسەرە و سەرقاڵی کاری فەرهەنگییە و پیاوێکی ئاییندارە، بۆی گێڕامەوە و گوتی:"ڕۆژێکی کەسێکی نەناس زەنگێکی بۆ لێدام و دوای چاک و خۆشی و ئەوانە پێی گوتم، کە پێیخۆشە لەگەڵمدا دانیشێت و یەکدی ببینین بۆ ئەوەی باسێک هەیە حەز دەکات لەگەڵمدا بیکاتەوە. منیش پێمگوت، باسەکە چییە و بۆ ئێستا بە تەلەفۆن پێم ناڵێیت؟ گوتی لەبارەی کتێبێکەوەیە، کە بۆ خۆم نووسیومە. گوتم کتێبەکە لەبارەی چییەوەیە؟ گوتی لەبارەی یەزدانەوەیە. زۆرم پێ خۆش بوو و لە دڵی خۆمدا گوتم بەخوا کارێکی چاکە مرۆڤ بتوانێت لەمەڕ یەزدانەوە بنووسێت و بەویشم گوت باشە بە چاوان و کات و شوێنێکمان دیاری کرد بۆ دیدارەکەمان و بۆ ئەوەی کتێبەکەی لێ وەرگرم. کاتی دیاریکراو چوومە ئەو جێیە، کە قاوەخانەیەک بوو و لەوێ پێکەوە دانیشتین. دیتم کوڕێکی گەنجە و تەمەنی لە دەوروبەری بیستودوو بیستووسێساڵێکدایە. لەبەر ئەوەی یەکەمجار بوو بیبینم، پرسیاری ناو و خەڵکی کوێیە و ئەوانەم لێکرد. ئەویش بۆی باس کردم، کە کێیە و خەڵکی کوێیە و کوڕی حاجی فلانە لە فلانە شاری کوردستان. ئەو بە هۆی کاروباری منەوە و ماوەیەکی زۆری ژیانم لەو شارەدا، زانیارییەکی لەبارەی منەوە هەبوو و دەیناسیم. هاتینە سەر باسی کتێبەکەی و دیتم لە دەڵقێکدایە و گوتی، کە باسێکە لەمەڕ یەزدانەوە بۆ خۆی بە کوردی نووسیویەتی و حەز دەکات پێیدا بچمەوە و ڕای خۆمی لەسەر بدەم و پاشان یارمەتی بدەم بۆ لە چاپدانی. منیش گوتم باشە ئەو کارە ئێستاکە لێرەدا ناکرێت و من دەبێ ئەو کتێبە ببەمە ماڵێ و بە کاوەخۆ بیخوێنمەوە و پاشان ئەوانی دیکە باس دەکەین. لە سەر ئەوە پێکهاتین و دۆعاخوازیمان لەیەک کرد و ڕۆیشتمەوە ماڵێ. پاش یەک دوو ڕۆژان دەڵقەکەم هێنایە پێش و چاوێکم لە کتێبەکە کرد، دیتم تەواوی ئەو کتێبە لەمەڕ عیسا و ئازارەکانی عیسا و پەند و گوتەکانی عیسا و قوربانیدانی عیسا و مۆچیارییەکانی عیسا و ئایینی عیساییەوەیە. بۆی دانیشتم و تەواوی کتێبەکەم خوێندەوە. پاش دو سێ ڕۆژان، زەنگێکم بۆ ئەو برادەرەی خاوەن کتێبە لێدا و جێژوان و کاتێکمان دیاری کرد و چووم لەوێ دیتم. لەگەڵیدا کەوتمە قسە و پێمگوت، کە ئەو کتێبە باسێکە لەمەڕ عیسا و ئایینی عیساییەوەیە و تۆش وات تێگەیاندبووم، کە لەبارەی یەزدانەوەیە. گوتی ئەدی عیسا یەزدان نییە! ئیدی بڕێک قسەمان کرد و بیروڕامان گۆڕییەوە. وەک خۆی باسی کرد و بۆم دەرکەوت، کە ئەو دۆستە کوڕی باوک و دایکێکی موسوڵمان و ئاییندارە و باوکی حاجییە و خەڵکی باژێڕێکی باشووری کوردستانە و بە کاریگەریی هەندێک خەڵکی بواری ئایینی عیسایی ئایینی خۆی گۆڕیوە و بووەتە عیسایی. گوتم باشە ئێستا، کە دەچییەوە کوردستان و شار و ماڵی خۆتان، چۆن لەگەڵ باوک و دایکتدا قسان دەکەیت و چییان پێ دەڵێیت! چی پاڵی پێوەنایت بۆ گۆڕینی ئیسلام بە

عیسایەتی! بۆ عیسایەتی لە ئیسلامەتی باشتر بێت! ئیدی پاش دەمەتەقە و گفتوگۆیەکی دوورودرێژ کتێبەکەم دایەوە دەستی و پێمگوت، کە من هیچم پێناکرێت و ئەگەر خۆی مشوورێکی چاپکردنی بخوات و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست.

*****

سەرماوسۆڵە و با و بۆرفتە و بەفرەئێوارەیەکی درەنگی زستانێکی سەختی ستۆکهۆڵم، پاش تەواوبوونی کارەکەم، لە پلیکانەکانی وێستگەی میترۆکە سەرکەوتم بۆ ئەوەی سواری شەمەندەفەر بم بەرەو ماڵەوە. لە سەر یەکێک لە تەختەکان سێ چوار منداڵم دیت دانیشتبوون. کە لێیان نێزیک بوومەوە ناسیمنەوە و دیتم ئەوانە منداڵی ماڵێکی کوردی ئەو گەڕەکەن، کە ئەو دوکانە گچکەیەی لێبوو، کە هی دۆستێکم بوو و من وەک کارگەرێک جاروبار کارم تێدا دەکرد. زۆرجاران پێشتر لە دوکانەدا ، کە دەهاتن شەکرۆکە و نۆقڵیان دەکڕی دیتبوومن و دەمزانی بە کوردی قسان دەکەن. سلاوم لێ کردن و لێم پرسین، کە بەو ئێوارە درەنگە و بەو سەرمایە چ دەکەن لەوێ و بۆ کوێ دەچن. گوتیان بەو شەمەندەفەرەی دەچنە فلانە وێستگە و لەوێش دەچن بۆ کڵێسە. کە وایان گوت، لە دڵی خۆمدا گوتم دیارە باوک و دایکی ئەو منداڵانە و ئەو ماڵانە لە مەسیحییەکانی کوردستانن. زۆرم بەزەیی پێدا هاتنەوە، کە بەو سەرمایە و بەو ئێوارەیە ئەو ڕێگەیە دەبڕن و لە هەمان کاتیشدا سووربوون و بوێری و بڕوای بەهێزیان بە بیر و بۆچوونی خۆیان، بەلامەوە جێی خۆشحاڵی و دەستخۆشی بوو لێیان. ئەوجا گوتم هەر بە تەنێ خۆتان و بەو درەنگوەختە بڕێک سەخت نییە بۆتان!. گوتیان نا ئاسانە و باوک و دایکیشمان لەوێ چاوەڕوانمانن، چونکە ئەوان پێشتر چوونە و لەوێن. ئیدی شەمەندەفەرەکەی من هات و دۆعاخوازیم لێکردن و من ڕۆیشتم. یەک دوو ڕۆژان دوای ئەوە، ئەم باسەم بۆ هاوڕێیەکەم، کە خاوەنی دوکانەکە بوو گێڕایەوە. هاوڕێیەکەم ئەو ماڵە و ئەو منداڵانەی دەناسی. باسی سەرما و بەفر و درەنگیی کاتەکەم بۆ کرد و کە ئەو منداڵانە چەندی گوناە بوونە و چەندیش خۆشە، کە ئاوا بڕوایان بە بۆچوون و ئایینەکەی خۆیان هەیە. هاوڕێیەکەم گوتی، تۆ ئەوانە دەناسیت! گوتم نا، لێ دەزانم کوردن و مەسیحین. گوتی تۆ دەزانیت ئەوانە زارۆکی خەڵکانێکن بۆ خۆیان کوردن و موسوڵمانن و لێرە بە هۆی هەندێک کۆمەک و خزمەت و پارەوپووڵەوە، کە کڵێسە پێیداون، وازیان لە ئیسلامەتی هێناوە و بوونەتە مەسیحی و زۆریش بە خەستی گرتوویانە و هەمیشە لە کڵێسەن و سەرباری ئەوەش هەوڵی بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی دەدەن و بەڵێنیشیان داوە، کە چەند قەشە و ئۆلکارێکی مەسیحی لەگەڵ خۆ ببەنەوە کوردستان و تەواوی مەسرەف و خەرجیی سەفەر و چوون و هاتنەوەشیان، هی خۆیان و میوانەکانیشیان، کڵێسە بۆیان دەدات!

*****

پیاوێکی بالابەرزی باریکەڵەی قژزەرد و کاڵ و سووروسپی و چاوشین، زۆرجاران لای چێشتەنگاو دەهاتە ئەو دوکانە گچکەیەی، کە من وەک کارگەرێک جارجار کارم تێدا دەکرد و ئیدی کۆلا، چۆکلات، ڕۆژنامە، میوەیەک شتێکی لەو جۆرەی دەکڕی و زۆرجارانیش پارەکەی نەدەدا و دەیگوت، کە پارەی پێ نییە و ڕۆژێکی دیکە دەیدات. جاری یەکەمی بوو هاتە ئەوێ و بە کوردیی پێیگوتم ڕۆژباش و چۆنی و خواحافیز و چەند وشەیەکی دیکەیشی گوت. کە لێم پرسی دیتم سوێدییە و مامۆستای زمانی سوێدییە و وانە بەو بیانییانە دەڵێتەوە، کە تازەکی هاتوونەتە سوێد و خوێندنگەکەیشیان سەر بە یەکێکە لەو کڵێسانەی سوێد. کە

پرسیاری ئەوم لێکرد، ئەو کوردییە لە کوێ و چۆن فێر بووە، گوتی لە خوێندکار و شاگردەکانییەوە فێر بووە و بۆ خۆیشی هەوڵدەدات تەماشای کتێب و نووسینی کوردی بکات و گوێ لە گۆرانی و موزیکی کوردییش دەگرێت و بێجگە لەوەش چووەتە کوردستان و شاری سلێمانی و هەندێک باسی کفتە و دۆڵمەیشی بۆ کردم و باسی ئەوەیشی کرد، کە خۆراکی کوردی خۆشە و کورد خەڵکێکی باش و میواندۆستن و گوتیشی، کە ئێستاش بە تەمایە لەگەڵ چەند کوردێکدا جارێکی دیکە بچێتەوە سلێمانی و کوردستان. ڕۆژی پاشتر، چیرۆکەکەم بۆ هاوڕێم خاوەنی دوکانەکە گێڕایەوە، ئەو ئەو پیاوەی دەناسی. پێیگوتم، کە ئەو کابرایە سەر بە کڵێسەیە و مامۆستای زمانی سوێدییە بۆ بیانییان و تێکەڵاوی لەگەڵ کوردی ئێرەدا پەیدا کردووە و ئەوان بانگهێشتنی ماڵی خۆیانی دەکەن و خۆراکی خۆشی بۆ لێدەنێن و دەیبەنەوە سلێمانی و ئەویش هەوڵدەدات وردەوردە بیانکاتە مەسیحی و توانیویشیەتی ئایینی هەندێکیان بگۆڕێت و کردوونی بە مەسیحی.

*****

لاوێکی کوردم دەناسی، دوای چەند ساڵێکی دەرچوونی لە کوردستانەوە، لە ڕێگەی پاکستانەوە گەیشتە سوێد. پاش جێگیربوونی و فێربوونی زمانی سوێدی و دەستبەکارکردن و پەیداکردنی کچەهاوڕێیەکی سوێدی، ئیدی بەرەبەرە تێکەڵاوی ژیانی سوێد و سوێدییان بوو. هاوڕێیەکم، بە هۆی هاوسێیەتییەوە، ناسیاوی و تێکەڵاوییەکی زیاتری لەگەڵ ئەو لاوەدا هەبوو، بۆی باس کردم، کە ئەو لاوە بۆی گێڕاوەتەوە، کە عیسا هاتووەتە خەوی و بانگهێشتنی کردووە بۆ ئەوەی ببێتە مەسیحی. ئەمیش ئیدی بڕیاری داوە ببیتێ و دەستیکردووە بە هاتوچۆی کڵێسە و بەشداریکردن لە هەموو بۆنە ئایینییەکانی مەسیحییاندا و پێیشیوایە، مەسیحییەت ئایینێکە لە ئیسلام باشترە، چونکە ئایینێکی کراوە و سنگفراوانە و ئەرک و داوای زۆر سەختی، وەک ئیسلام، لە سەر مرۆڤ نییە. ئەو پیاوە ژیانی خۆیشی تەرخان کردووە بۆ ئەو ئایینە و هەربۆیەش دەستی بە خوێندنی زانستەکانی ئەو ئایینە کردووە و دەیەوێت ببێتە ئۆلکارێکی عیسایی و مژدەدەری عیسایەتی.

*****

خزمێکم، کە لە وڵاتێکی ئەوروپایی دەژی، لەمەڕ ناسیاوێکی هەردووکمانەوە کە هاوشارییەتی بۆی گێڕامەوە، کە کچە هەشت نۆ ساڵانەکەی بردووەتە کڵێسە بۆ مەسیحییاندنی یا ناولێنانی مەسیحییانەی. ئەوەی بۆ من زۆر جێی سەرسووڕمان بوو، باوک و دایکی ئەو منداڵە بۆ خۆیان کەسانێک بوون، کە چ پێوەندێکیان بە ئایینەوە نەبوو و بێبڕوا و بێئایین بوون، کەچی دەیانەویست منداڵەکەیان تەنێ لەبەر ئەوەی لە خوێندنگە و کۆڕ و کۆمەڵی ئەو وڵاتەدا و لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا بە جیاواز تەماشا نەکرێت و خۆی بە نامۆ نەزانێت، کاتێک کە باسی ئایین دەکرێت، ئەو منداڵەش بتوانێت بڵێت، کە ئەویش براوەتە کڵێسە و مەسیحیێندراوە و نێوی مەسیحییانەی وەرگرتووە[8].

---

[8] ئەو مەسیحییاندنە و نێولێنانە مەسیحییانەیە، بە عەرەبی "تعمید" و بە فارسییش "تعمید کردن" یا "نامگراری" و بە سوێدی "Döpa" و بە ئینگلیزییش "Baptize" یا "Christen"ی پێ دەگوترێ. منداڵ دەبرێتە کڵێسە و لەوێ قەشە هەندێک ویرد و دۆعای بە سەردا دەخوێنێت و چەند گوێلێک ئاوی بە سەر و ناوچاواندا دەکات و ئیدی بەو جۆرە ئەو منداڵە دەبێتە مەسیحی. ئەگەر بە منداڵی ئەو کارە بۆ منداڵەکە ئەنجام نەدرابێت، ئەوا دەکرێ لە تەمەنێکی هەورازتردا بۆی بکرێت. لەکن یارسان(کاکەیی، ئەهلی

*****

لە نێو ئەو پەنابەرە کوردانەی باشووری کوردستاندا، کە بە لێشاو لە دوای ساڵی 1991ەوە ڕوویان دەکردە ئەوروپا، خەڵکانێک هەبوون بە نێوی ئەوەی ئایینیان گۆڕیوە و بوون بە عیسایی، خۆیان بە پۆلیس و دەسەڵاتداریەتیی و کارگێڕییەکانی وڵاتانی ئەوروپا دەدایە ناساندن. هەندێکیان کاسێتی ڤیدیۆیان تۆمار کربوو، کە چۆن چوونەتە کڵێسە و لەوێ بوونەتە مەسیحی یا نێوی مەسیحییانەیان لێ نراوە و چۆن ئەو بۆنەیە ئاهەنگی بۆ گێڕدراوە. ئیدی سەدان چیرۆکیش لەو بوارەدا چێ کراوە، کە ئیدی ئەوەی بووتە مەسیحی نەیتوانیوە لە کوردستان بمێنێتەوە، چونکە لە لایەن ماڵی خۆیانەوە یا خزم و کەسییانەوە یا حیزبێکی ئیسلامییەوە و یا خەڵکێکی دیکەوە، هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە و ئیدی ئەمانیش هەڵاتنیان هەڵبژاردووە. ئەو خەڵکانە چۆن دەستبەرداری ئیسلامەتی بوون و بوونەتە مەسیحی، هەریەکەیان بە جۆرێک دەیگێڕێتەوە. هی وایان تێدایە باس لەوە دەکات، کە عیسا هاتووەتە خەوی و پێیگوتووە بێتە سەر ڕێگەی ڕاستی وی، واتە: ئایینی مەسیحی. هی وایان تێدایە باس لەوە دەکات، کە بە هۆی ناسیاوی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کەسێکی بیانیی ئەوروپایی سەر بە یەکێک لەو ڕێکخراوە خێرخوازییە ئەوروپاییانەی کوردستان و هاندانی وی، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە ئایینی خۆی بگۆڕێت و ببێتە مەسیحی. هەر لە نێو ئەو پەنابەرانەشدا هەیە، ئەو کارە تەنێ بۆ ئەوە دەکات، کە وەک پەنابەر وەربگیرێت و مۆڵەتی مانەوە و نیشتەجێبوونی بدرێتێ.

*****

زۆرجاران و لە سەردەمێکدا نیشانەیەک یا جۆرە نەریت و ڕەوشت و شتێک دەبێتە باو و دیاردەیەک و خەڵکێکی زۆر وەدووی دەکەون و پێوەی خجڵ و سەرگەرم دەبن و لاساییکردنەوە و هەڵگرتنی بە پێویست دەزانن و ئەگەر نا ئەوا خۆیان بە دواکەوتوو و جێماو دەزانن یا خەڵک وایان دەبینێت. سەرەتای ساڵانی 1960ەکان و لەگەڵ پەیدابوونی بیتڵز(Beatles) و سەرهەڵدانی بزاڤی هیپپی(Hippie)، شەپۆلی قژدرێژکردنەوەی کوڕانی لاو و کورت لەبەرکردنی کچان هاتە گۆڕێ و لاوان باسیان لە ئازادی سێکس و کراوەیی دەکرد و ئەو بزاڤەش تا ڕادەیەک هەموو جیهانی گرتەوە. کۆتایی ساڵانی 1960ەکان و پاش پەرەسەندنی ڕاپەڕینی لاوان و خوێندکاران و بزاڤی چەپ، وەک ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و نەریتە زاڵ و سەردەستەکان و نوێگەرایی و یاخیبوون، بزاڤێکی سەرتاسەری هەموو جیهانی تەنییەوە. مووزیکی ڕۆکئەنڕۆڵ(Rock'n'roll) و هیپهۆپ(Hiphop) و کاری هزری و ئەدەبی و هۆنەری و وەرزشی و نێوی هەندێک بیریار و نووسەر و هونەرمەند و وەرزشکار گەلێک جار لە سەردەمێکدا بوونەتە هۆی سەنگەرلەیەکترگرتن و خەڵک تا ڕادەی پەرستن شوێنیان کەوتووە. لاوان ئێستاکە سەر دەتاشن و قژدرێژکردنەوەی پیاوان نیشانەی نۆستالژیایەکە بۆ ڕابوردوو. هەڵگرتنی هەر نیشانە و هێمایەک، ئیدی

---

حەق)انی کوردستانیش نەریتی ناولێنان و کردن بە یارسانی هەیە و پێی دەگوتری"جەوزەشکاندن" و "جەوزەی سەر شکاندن".

ئەگەر هەڵبواسرێت، لەبەربکرێت، بەدەستەوە بگیرێت، بکرێتە مل یا پەنجە  یا دەست، یا بە هەر شێوەیەکی دیکە بەکار ببرێت، وەک ئاڵا، ملوانکە، جل، وێنە و...نیشانەی مەیل و حەزلێکردنی ئەو بیر و دید و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونەیە، کە ئەو نیشانەیە دەریدەبڕێت و پێشانی دەدات. جاران لە کوردستان، کە پیاوان پرچ و ڕدێنیان دەهێشتەوە و درێژدەکردەوە و نەیاندەتاشی، نیشانەی دەروێشی و ئیسلامەتی بوو. سەردەمێکیش ڕدێنهێشتنەوە و پرچدرێژکردنەوە و نەتاشینیان، نیشانەی شۆڕشگێڕی و چەپایەتی و چاولێکردنی گیڤارا و کاسترۆ بوون وەک نموونە، یا هیپپییەتی و بڕوانەبوون و ڕەفزی هەموو شتێکی جڤاک بوون. سمێلهێشتنەوە، لە سەردەمێکدا نیشانەی کۆمۆنیستی و ستالینیستی بوو. سەرتاشین لای هەندێک نیشانەی ڕەگەزپەرستییە و لای هەندێکی دیکەش پێچەوانەیەتی. جلی سوور و بەکاربردنی ڕەنگی سوور جاران نیشانەی کۆمۆنیستی بوو. جلی ڕەش و گوێنەدان بە ڕێکوپێکی نیشانەی ئەنارکیستییە. هەڵگرتنی وێنەی هیتلەر و ئاڵای ئەڵمانیای نازی، دەکاتە مەیل بە لای نازیزمدا. هەڵگرتنی داس و چەکوش یا وێنەی لێنین، مارکس، ماو، ترۆتسکی یا ستالین، دەکاتە مەیل بە لای کۆمۆنیزمدا. هەڵگرتنی وێنەی گیڤارا، دەکاتە هەواداریی شۆڕش و گیڤاریستی. هەڵگرتنی ئاڵای ئەمەریکا، دەکاتە حەزکردن لە ئەمەریکا. هەڵگرتنی ئاڵای ڕەش و تیپی A لە نێو بازنەکەدا، دەکاتە مەیل بەلای ئەنارکیزمدا. هەڵگرتنی ئەستیرەکەی داوودیی جوولەکە، دەکاتە جوولەکەیی یا خۆشویستنی جوولەکە. هەڵگرتنی ئاڵایەکی چوارگۆشە یا لاکێشەیی پێکهاتوو لە دوو سێگۆشەی یەک سوور و یەک ڕەش، نیشانەی سەندیکالیستییە. هەڵگرتنی وێنەی سەددام حوسەین، دەکاتە بەعسیبوون یا سەددامیەتی. هەڵگرتنی ئاڵای عیراق، دەکاتە خۆ بە عیراقی زانین. هەڵگرتنی ئاڵای عیراقی بەعس، ئەگەر نەکاتە خۆ بە بەعسی زانین، ئەوا دەکاتە خۆشویستنی بەعس و یا هیچ نەبێت ڕقنەبوون لە بەعس. کە قورئانێک یا لا ئیلاهە ئیلاڵڵایەک بە ملوانکەیەکەوە بکرێتە مل، دەکاتە موسوڵمان بوون یا خۆشویستنی ئیسلام. هەڵگرتن یا لە ملکردنی خاچی مەسیحی، دەکاتە مەسیحیبوون یا حەزکردن لە مەسیحییەت. گەلێک لەو مێردمنداڵ و لاوانەی کوردی ئەورووپام بەرچاو کەوتوون، کە هەرچەندە منداڵە موسوڵمانیشن، خاچەکەی مەسیحییەت لەمل دەکەن.

*****

لە کوردستان و بە تایبەت لە میدیاکانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا، زۆر بە گەرمییەوە و بەردەوام باس لە سەری ساڵ و جەژن و ئاهەنگگێڕانی سەری ساڵ و هاتنی بابانۆئێل و پیرۆزبایی بە بۆنەی سەری ساڵ و پێشاندانی چالاکییەکی یەکجار زۆر و زەوەندە لەو بوارانەدا، کارێکی وای کردووە، کە بە تۆبزی و بێ ئارەزووی خەڵک خۆی، ئەو فەرهەنگە نامۆیە، کە فەرهەنگی ئەورووپایە بە برێک پاشخانی مەسیحییەتەوە، بکرێت بە بەشێکی سەرەکی لە فەرهەنگی خەڵکی کوردستان. منداڵانی گچکەی دوو سێ ساڵانی زارۆکخانە، لە کوردستان فێری ئەوە دەکرێن، کە چاوەڕوانی سەری ساڵ بن بۆ ئەوەی بابانۆئێل دیارییان بۆ بهێنێت. دار سنەوبەرەکەی جەژنی لەدایکبوونی عیسا، لە تەواوی شوێنە فەرمی و حوکوومەتی و هوتێل و ڕێستۆرانە گەورەکانی کوردستاندا دادەنرێت و نەک هەر دارەکە، بەڵکە تەواوی ئەو تەلارخانانەش دەکرێنە چراخان و دەڕازێنرێنەوە. لە تەلەڤزیۆنەکانەوە پیاسەی شەوی سەری ساڵی نێو جادەکانی باژێڕەکانی کوردستانی، ڕاستەوخۆ پێشان دەدرێت. هەر لەو میدیایانەوە گرنگییەکی یەکجار زۆر بە باسی کڵێسە و بۆنە و جەژنی ئایینی عیسایی و کردنەوەی کڵێسە و خوێندنگە و ئاوەدانکردنەوە و

شوێنەواری ئایینی مەسیحی دەدرێت و هەردەم باس دەکرێت، تا ڕادەی ئەوەی باسی مەسیحی و مەسیحییایەتی، پشکێکی زیاتری هەبێت و زاڵ بێت بە سەر باسی موسوڵمان و ئایینی ئیسلامدا، کە بەشی زۆرینەی کورد سەر بەو ئایینەیە.

*****

هەرچەندی لە ئەمەریکا و ئەوروپا، وەک سیستم و جڤاکگەلێکی سێکۆلار و ئازاد و کراوە، ئازادی ئایینیش بۆ هەموو کەس دابین کراوە و مرۆڤ دەتوانێت نەک هەر بە خوا، بەڵکە بە هەر ئاژەڵ و هەر شتێکی، کە خۆی دەیەوێت، بڕوای هەبێت و ئازادیشە لەوەی چۆن و بە چ جۆرێک ئەو خودا یا ئاژەڵ یا شتپەرستییە دەکات. زۆرێک لەو خەڵکانەی سەر بە ئایینی ئیسلام یا هەر ئایینێکی دیکەن، کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا لێناگەڕێن ئازاد بن و بە ئارەزووی خۆیان خودا یا هەرچی پەرستیی خۆیان بکەن و ڕێگەی ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕینیان لێ دەگیرێت و دەمکوت دەکرێن، لە ئەمەریکا و ئەوروپا ئازادن و بە تەواوی کراوەیی و بێ هیچ گیروگرفتێک هاتوچۆی مزگەوت و پەرستگەی خۆیان دەکەن و بەشداریی جڤین و کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئایینی خۆیان دەکەن و هەر شتێکیشی گەرەکیان بێت دەیڵێن و دەیکەن. ئازادیی ئایین و بڕوا لە ئەوروپا و ئەمەریکا مسۆگەر کراوە و هیچ ڕێگەیەکی لێناگیرێت. خەڵک دەتوانێت ڕەخنەش بگرێت و قسەی خۆیشی بکات، لێ بێڕێزیی بە بڕوا ناکرێت و بە تاوان دژی کۆمەڵە خەڵکێک یا گرۆیەک دادەنرێت و لێپرسینەوەیشی لەسەرە. ئەمەریکاییان و ئەوروپاییان، لە ماڵی خۆیاندا و لە سەر خاکی خۆیان بەو شێوەیە دەکەن، لێ لە دەرێی وڵاتانی خۆیشیان کارێکی دیکە جێبەجێ دەکەن و ئەرکێکی دیکەیان هەیە. بڵاوکردنەوەی ئایینی عیسایی و عیساییاندنی خەڵک، وەک بەشێکی سەرەکی کار و چالاکییەکانی زلهێزانی ڕۆژاوا، لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین و کوردستانی خۆیشماندا بەڕێوە دەچێت و تا ڕادەیەکیش بە ئەرکی خۆیانی دەزانن. ئەوان ئامراز و شێواز و میکانیزمی تایبەتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە هەیە. ئەگەر تۆ بنۆڕیتە پێچەوانەی ئەو کارەی زلهێزانی ڕۆژاوا، واتە: بنۆڕیتە بڵاوبوونەوە یا بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ئەمەریکا و ئەوروپادا، دەبینیت لە ئەمەریکا و ئەوروپا، خێراخێرا ئامار و ژمارە لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە لە بارەی ئەوەی چەند کەس بوونەتە موسوڵمان و ئایینیان گۆڕیوە. زۆرجاران ئەو ئامار و ژمارانە بە مەبەست و بۆ تۆقاندنی خەڵکەکەی خۆیان(ئەمەریکاییان و ئەوروپاییانی مەسیحی) و وێناکردنی ڕەوشێکی وا، کە هاکە هەموو ئەمەریکا یا ئەوروپا ئیسلام داگیری کرد و خەڵکەکەی بوونە موسوڵمان و ئایینی عیساییان واز لێ هێنا، زۆر بە گەورەیی و بە زیادەوە بڵاو دەکەنەوە. لەو کارەیاندا زێدەڕۆیی دەکەن و بەوەش باری ئیسلامۆفۆبیا یا ترس لە ئیسلام دەئافرێنن و دەسازێنن، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی خۆیان پتر باوەش بە ئایینەکەی خۆیاندا بکەن و ئیسلام بە خەتەر بزانن و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بگرن. ئەمە کارێک نییە پێوەندی بە 11ی سێپتەمبەرەوە هەبێت، بەڵکە دیدێکە و جیهانبینییەکە، کە ڕۆژاوا بۆ بە خەتەردانانی ئەوی دی و پاراستنی خۆ و جیهاناندنی هەموو بەها و جیهانبینییەکانی خۆی، لە پێناوی چێکردنی جیهانێکی یەکڕەنگی یەکدەنگی یەکبیچمی یەکشێوەی یەکڕەوتی یەکفەرهەنگی ئەمەریکاییانە و ئەمەریکێنراو، دەیکات و بەکاری دەبات. ئەورۆ نێوەندی مەسیحییەت، فلستین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نییە، کە بۆ خۆیان لانکی مەسیحییەتن، بەڵکە بە هۆی پێشکەوتن و توانست و زاڵبوونێکی ئابووری و ئاوەزی و ئازادییەک، کە لە ئەمەریکا و ئەوروپادا هەیە، ئەمەریکا و ئەوروپایە. ئەورۆ عیسای پەیامبەر،

مرۆڤ و پیاوێکی گەنمڕەنگ یا ڕەشتاڵەی پێخاوسی دشداشەلەبەری فلستینی نییە، بەڵکە مرۆڤ و پیاوێکی قژزەرد و چاوشین و سوورسپیی ئەوروپاییە. کە ئەمەریکاییەک یا ئەوروپاییەک مەسیحییەت دەباتە کوردستان و بلاوی دەکاتەوە، مرۆڤی ولاتی ئێمە دەسبەجێ نەک هەر بە قسە و بەلگەکانی، بەڵکە بە خۆیشی وەک مرۆڤێک، سەرسام دەبێت و تەواوی پێشکەوتن و ئازادی ئەمەریکا و ئەوروپا لەودا دەبینێت[9]. ئەمەریکاییان و ئەوروپاییان بەو کارەیان، بە بلاوکردنەوەی مەسیحییەت، خەلکی کوردستان و تەواوی ولاتانی دیکە، بە ئەمەریکا و ئەوروپاوە گرێدەدەن و بەوەش مێشکی مرۆڤی کوردستان و ئەو ولاتانەی دیکە دەسمن و فەرهەنگی ئەوان دەسمن و مێژوویی خۆیان لەبیر دەبەنەوە و مێژوویەکی دیکەی دەخەنە شوێن و ولاتەکانیشیان دەکەنە پاشکۆیەکی بێدەسەلاتی لامژی مشەخۆری بازاڕ و ئابووری و بەها و فەرهەنگ و هەموو شتەکانی دیکەش.

*****

ئەگەر سوودوەرگرتن لە زانست و تەکنۆلۆژیا و ئاوەز و پێشکەوتنی ئەوروپا بەوە بێت تۆ لە هەموو شتێکدا لاساییان بکەیتەوە، ئەوا نەک هەر سوودمەند نابێت، بەڵکە زیانمەند دەبیت و خۆیشت دەدۆڕێنێت. بەو گەرمییە بە بەرەوپیریەچوونی ئەوروپا و هەموو شتێکی ئەوروپایی و ئامێزکردنەوە بۆیان بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی، دەکاتە سڕینەوەی خۆت و ڕەنگکردنی خۆت بە ڕەنگی ئەوان و چوونە پێستی ئەوانەوە. ئەوەی ئەورۆ لە باشووری کوردستاندا، بە دنەدان و نەخشەدارێژانی ئەمەریاکییان و ئەوروپاییان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و بە پێزانین و جێبەجێکردنی دەسەلاتدارانی کوردستان ڕوودەدات، پرۆسێسێکی مەسیحییاندنی خەلکی کورد و کۆمەلگەکانی کوردستانە و هەولدانێکە بۆ دزێواندنی ئایین و فەرهەنگی زۆرینەی کورد و بەرەبەرەیش سڕینەوەی و سەپاندنی فەرهەنگێکی نامۆ و بەهاگەلێکی نامۆ بە سەر خەلکی کورددا. دەسەلاتێکی سیاسیی، کە ئەورۆ لە کوردستان فەرمانڕەوایە و، کە خۆ بە سێکولار دەزانێت، چ پێویستە هێندە باسی ئایین بکات! کە باسی ئایینیش دەکات بۆ دەبێ هێندە باسی مەسیحییەت بکات! تۆ کە سێکولار بیت، میدیای دەسەلاتەکەت بۆ باسی ئایین تەرخان ناکەیت، ئەوە کاری تۆ نییە و کاری ئۆلکارانە. تۆ کە دەسەلاتێکی سێکولار بیت، پێتوایە ئەوەی تزار بۆ تزارە و ئەوەی خودایش لێیدەگەرێیت بۆ خودا خۆی. دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان، دەبوو سەیرێکی لای چەپ و ڕاستی خۆیان کردبا و بیرێکیان لە چارەنووسی ڕەزاخان و ئەتاتورک و موحەممەدڕەزاشا کردباوە، کە سەرمەشق و پێشەنگی ئەوروپاییاندنی ولات و کۆمەلگەکانی خۆیان بوون و ئەوان پەتای ئەوروپاییاندنیان هێنایە ئەو دەڤەرە، کە بە کوێ گەیشتن! ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان ڕوودەدات، بێجگە لەوەی هەلەیەکی سیاسی مەزنە، قەیرانێکی فەرهەنگیی یەکجار گەورەیە و مەترسییەکە لە سەر یەکیەتیی نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و مێژوو و تەنانەت بوونیشی. ئەگەر ئازادی بیروڕا و ئازادی کەمینە و چوونیەکیی هەمووان و یەکسانی و ڕێگەدان بە هەموو دەستە و گرۆیەک و خوێندنەوەی ئەوی دیکە و گوێڕادێران بۆ بەرانبەر و ئەو جۆرە باسانە بکرێنە بەلگە بۆ ئەو ڕەوشەی ئەورۆی کوردستان، ئەوا ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، گەلێک لە

[9] هەزاران سالە مەسیحی و ئیسلام و تەواوی ئایینەکانی دیکەی کوردستان، پێکەوە دەژین و هەموو خەلکانی سەر بەو ئایینانە تەواوی تایبەتمەندییە ئایینییەکانی خۆیشیان پیرۆز دەکەن و هیچ مەسیحییەکیش هەولی ئەوەی نەداوە، کە موسولمانێک لە ئایینەکەی وەرگێڕێت و بیکاتە مەسیحی.

ئازادییەوە دوورە. ئەوەی بڕوای تەواویشی بە ئازادیی بیروڕا و بۆچوون و جیاوازیی هزریی و دید هەبێت، ناتوانێت لە هەمبەر سڕینەوەی بڕوا و بەها و فەرهەنگێکدا، کە مێژوو و بوونیی نەتەوەیی پێوە گرێدراوە، بێلایەن و دەستەوەستان و سست ڕاوەستێ و بێدەنگ بێت. ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدات، شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤی کورد و دابڕینی نەتەوەی کوردە لە مێژوو و فەرهەنگێکی هاوبەش لەگەڵ هاوسێیەکانیدا و دەرکردنێتی لەو ژینگە و بازنە و هێڵە دیرۆکییەی خۆی و پێکەنینە بە فەرهەنگ و بەها و بڕوا و مێژووی نەتەوەی کورد و شۆخیپێکردن و سووکایەتیپێکردنە بە کورد. تەواوی ئایینەکانی جیهان تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکن و لە گشت بنگە و هێڵە سەرەکییەکانیشیاندا هاوبەشن و تەواوکەر و درێژەپێدەری یەکتریشن. هەموویان دید و پەیام و کۆمەڵێک قانوون و ئامۆژگاری و جیهانبینی و ڕێگەیەکی تایبەتی ژیانیان بۆ مرۆڤ پێیە. بەشێکی زۆریان کلیلی تەواوی پرس و نهێنییەکانی ژیان و پاش ژیانیش دەدەنە دەست هێزێکی دەرێی سروشت، کە خودایە. خودایش، هەر ئایینەو بە جۆرێک دەیبینێت و دەیناسێت. ئایینیش هەیە تەنێ فەلسەفەیەکی ژیانە و هیچ شتێکی خۆی ناداتە دەست خودا و پرسی خودا بۆ ئەو نە بەرباسە و نە گرنگ. کەسێک، کە وەک لەدایکبوون و خوێن و خێزان و پەروەردە و بارهێنان و جڤاک و فەرهەنگ و...بەرۆگری ئایینێک بێت، بەڵام بۆ خۆی بڕوای پێی نەبێت و هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی ئەو ئایینە جێبەجێ نەکات، چ هۆکارێک پاڵی پێوە دەنێت بچێتە سەر ئایینێکی دیکە و دەستبەرداری ئایینەکەی خۆی، کە بۆ خۆی بەرۆگریەتی، ببێت! من پێموایە بێئایینییش، واتە: بڕوانەبوون بە هیچ ئایینێک و خۆنەبەستنەوە پێی، بۆ خۆی ئایینە و ئەگەر نەکرێ نێوی ئایینیشی لێبنرێت، ئەوا دید و فەلسەفەیەکە. تۆیەک، کە بە موسوڵمانیی هاتبیتە دنیاوە، بۆ پێتوایە مەسیحییەت لە ئیسلام باشترە و بۆ دەستبەرداری ئایینی ئیسلام دەبیت! تۆیەک، با وەک موسوڵمانیش هاتبێتە دنیاوە، بەڵام وەک پراکتیک موسوڵمان نەبێت، چ سوودێک لەوەدا دەبینیت ئایین بگۆڕیت و ببیتە مەسیحی! کە ناتەوێت موسوڵمان بێت و بڕوات بە ئیسلام نییە، بۆ پێتوایە مەسیحییەت لە ئیسلام یا لە بێئایینییەکەی خۆت باشترە! ئەگەر بە بێئایینییەکەی خۆت بمێنییەوە، باشتر نییە لەوەی خۆت بە ئایینێکدا هەڵواسیت، کە هەموو شتێکی بە تۆ نامۆیە و هیچ ڕەگوڕیشەیەکی تۆی تێدا نییە و هیچ زەوینە و بنگەیەکی هزریی، تۆی پێوە نابەستێتەوە و هیچ سۆز و هەستێکی ویژدانیت لەگەڵیدا ناگونجێت و هیچ جێدەست و شوێنەوارێکی تۆ و پێشینەکانی تۆی پێوە دیار نییە و هیچ ڕووپەلێکی مێژووەکەت لەگەڵیدا وێک نایەتەوە! ئەمەریکا و ئەورووپا، مەسیحییەت پێشی نەخستوون، ئەوەی دەرگای پێشکەوتنی بۆ خستنە سەرپشت، گومان و پرسیار و ڕەخنەگرتن و کردنەوە و ڕەهاکردنی مێشک و ئازادی بیر و باوەڕ و بۆچوون بوو. گومان لە هەموو شتێک، پرسیار لەمەڕ هەموو شتێکەوە، ڕەخنە لە هەموو شتێک و خستنە بەرباسی هەموو شتێک، بێ گوێدانە پیرۆزیی شتەکان و بێ گوێدانە چەقبەستوویی هزرەکان و بێ گوێدانە هێز و دارایی دەسەڵاتداران[10]. ئازادی ڕەها و بەرەڵاکردنی

[10] هاوینی 1991، لەگەڵ "ناز"ی کچمدا چووینە ئێران و لەوێشەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەردانی ماڵی خۆمان(باوک و دایک و خوشک و براکانم)، کە بە هۆی کۆڕەوەکەوە باشووری کوردستانیان جێهێشتبوو و پەڕیبوونە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی "مەنسووراغا" یا "مەسووراقا"ی نێوان پاوە و کرماشان جێگیر بووبوون. لەوێ بە خزمەتی کۆمەڵێک مرۆڤی باش و کوردپەروەر و دۆست و جوامێر گەیشتم و ناسیاویم لەگەڵدا پەیدا کردن، تا ئەو ڕادەیەی، کە هەردەم لە یادمن و گەورەییان لە بیر ناکەم و خۆشەویستیم بۆیان هەیە و سوپاسگۆیانم. یەکێک لەو مێرخاسانە مامۆستا مەلا ئەحمەدی مەلای مزگەوتی گوند بوو. مامۆستایەکی شارەزا و خوێندەوار و ڕووناکبیر بوو. هەر کە بە خزمەتی گەیشتم، حەزی دەکرد لەمەڕ ئەورووپاوە هەندێک پرسیارم لێ بکات و هەندێکی بۆ ڕوون بکەمەوە. هەر لە دەسپێکێشدا پێی گوتم:"من تا ڕادەی ڕەدکردنەوەی هەموو شتێکی ئایینی

**مێشک، لەوەدایە تۆ خۆت سەدلەسەد بە هیچ ئایدیۆلۆژیا و ئایینێکەوە نەبەستیتەوە و گرێنەدەیت و ڕەخنەگرانە بنۆڕیتە پەیامی هەریەکێکیان و هەردەم پرسیار بورووژێنێت و وەدووی وەرامەکانیاندا بگەڕێیت. سەدلەسەد بەڕاستزانینی ئایدیۆلۆژیا و ئایینێک و نەبینی هیچ هەڵەیەک تێیاندا و باوەڕبوون بەوەی، کە هەموو ڕاستییەکان لەکن خۆتن و قەبووڵنەکردنی هیچ ڕەخنە و بۆچوونێکی جیاواز و بە پیرۆززانینی تەنێ ئەوەی خۆت، دەکاتە تەپاندن و کڵۆمکردنی مێشک. تۆیەک ئەگەر ئیسلامت پێ زیندان و قەفەزێک بێت و ئازادی و سەفرازی خۆت لەوەدا ببینییەوە، کە ببیتە مەسیحی، ئەوا هەرگیز وانییە. ئەوەی تۆ دەیکەیت تەنێ قەفەزگۆرکێ و زیندانگۆڕکێیە و هیچی دی.**

2005/5/27

---

**ئیسلام و ئینکارکردنی بوونی خودایش لەگەڵتدا دێم و دەتوانم گوێت بۆ ڕادێرم و قسەت لەگەڵدا بکەم، وەلێ کە باس هاتە سەر شۆخیپێکردن و سووکایەتیپێکردن و سووکتەماشاکردن، ئیدی ناتوانم بێدەنگ بم و پێم قووت نادرێت".**